**پرسیار لە ئەمجەد غەفور:**

- هاوڕێ ئەمجەد پێتان وانییە کە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ببێتە هۆی لاوازکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق؟ لە میدیاکاندا ئەمە بە ئنشقاق و دوو لەتبوونی حزبی عێراق باس دەکرێت؟ ئەمە چەندێک ڕاستە؟ ئەم حزبە بۆ چ مەبەستێک پێکدێت و کارە سەرەکیەکانی چین؟

**ئەمجەد غەفور:**

**حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستان پیداویستیو ئامرازی چینی کریکارە بۆ شورشی سوشیالستی، ئەمە ئەسلی مەسەلەو مەبەستی سیاسەتی ئیمەیە لە کوردستاندا، حزب پیك دەهینین تا رابەرایەتیو بردنە پیشەوەی بزوتنەوەی کریکاری بەرز راگرین، حکومەتی کریکاری دامەزرینینو کۆمەلگە لە نایەکسانیو چەوسانەوە ئینسان لەسەر ئینسان کۆتایی پێبهینرێت، خەباتی ئیمە بۆ بەدەست هینانی دنیایەیکی باشترە بۆ بەشەرەیەت، گەرانەوەی دەورو ئیرادەی ئینسانە. ئیمە لە عیراقدا بیت یان لە کوردستان یا هەر جیگایەکی تری دنیا بە دوای یەك ئامانجەوەین کە ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کریکاریە.**
**حزبێك پیك دەهینین تا لە کوردستاندا دەسەلات بگریتە دەستو بەر پرسیار بیت لە چارەنوسی کریکارانو زەحمەتکیشانو تەواوی کۆمەلگە. دیارە کە لە ریگەی گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسیەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئامانجانەی دیاریمان کردووە، گەیشتنیش بە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا لە ریگەی ململانێ لە بەرامبەر ئەو هیزە سیاسیانەدا بەریوەدەچیت کە لە کوردستاندا دەسەلاتیان بە دەستەوەیەو کۆمەلگە بەریوە دەبەن، بەومانایە بە دەستەوەگرتنی دەسەلات لە کوردستانی عیراقدا لە چوار چیوەی هەلسورانی سیاسیو ریکخراوەیی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراقدا ناتوانی جێبەجێ بکرێت، چونکە حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق لە بەرامبەر داگیرکاری دەولەتی ئەمریکاو نەبونی ناجگیری سیاسیو دەستەو تاقمی میلشیایی ئیسلامی سیاسیدا دەرگیرە، هەر بۆیە هەلسورانی سیاسی نیو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری لە ناوچەکەدا پیداویستی پیك هینانی حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستانی خستوتە بەردەم خەباتی سیاسی ئیمە، پیوستە ئیمەش وەلام بەو زەرورەتە بدەینەوەو لەسەر ئەو بنەمایە ئەرکی خۆمان دیاری بکەین.**
**لەبەر ئەوەی ئەم هەنگاوەی ئێمە ئاکامی وەلام بە زەرورەتکی سیاسیو ریکخراوەیی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریە لە کوردستاندا، نەك مانای دوو لەت بونی حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقی لێ ناکەویتەوە، بەلکو دەست پیشکەریو هەولیکی پیشرەوانەیە بۆ پتەو بونو بردنە پیشەوەی خەباتی سیاسی کۆمەلایەتیو ریکخراوەیی بزوتنەوەی کۆمۆنستی کریکاری لە ناوچەکەدا. ئیمە حزبیکی تر بە ئەرك وەزائفی موشەخس لە کوردستانی عیراقدا بۆ وەلام بە شورشی سوشیالستی لە کوردستاندا پیك دەهینین، هەر بەو مانایەش یەکگرتویی ریزی بزوتنەوەکمان لە عیراقو کوردستانو ئیراندا دەپاریزین.**
**بە بۆچونی من لە بەر ئەوەی ئەم هەولەی رابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنستی کریکاری بۆ پیك هینانی حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستان تەشخیسیکی دروستە، ئەوە هەنگاویکە ئومیدیکی زیاتر دەبەخشێتە بەهیز بونی بزوتنەوەکەمان، هەر بەو مانایەش لە باری سیاسیو هەلسورانی سیاسیەوە نابیتە لاوازبونی حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق ، لە هەمان کاتدا کاتیك بزوتنەوەی ئیمە لە هەرجیگایەك هەلسورانی سیاسی ئەنجام ئەدات، وە دەورو نەخشی جدی دەبێت، وە هەرکات کارکردی هەلسورانی سیاسیمان فرسەتی**

بەهێزبونو گەیشتن بە دەسەلات لە شوێنێکی دیاری کراودا مسۆگەر دەکات، ئەوە بەلگە نەویستە کارکردی ئیجابیو ئومید بەخشی زیاتر بە تەواوی بزوتنەوەکە دەگەیەنیت، ئەو تەشخیسانەش یارمەتی باشتر ئەدات لە هەر مانۆرێکی سیاسیدا فراوان بونو گەشەسەندنی بزوتنەوەکەمان بسەلمێنین.

خالێکی تر ئەوەیە پیك هێنانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان ئەتوانێ بەدقەتیکی زیاترەوە رابەرانو هەلسوراوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری زیاتر دەست ئاوەلاکات تا لە کوردستاندا هەلسورانی سیاسی رێکخراوتر بەرنە پیشەوە، وە ئەتوانن لە رێگەی وەلام بە تایبەتمەندیەکانی وەزعی سیاسی کوردستانی عیراقەوە بزوتنەوەی کۆمۆنستی بەهێزتر کەن.

ئیستا ئیمە لە کوردستان ئەرکی سەرەکیمان خەباتە بۆ یەکالاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی، بۆ ئەمەش بەرەو روی ململانێی سیاسین لە بەرامبەر دەسەلاتی ناسیۆنالستی کوردیدا، ئەم ململانیە لە بەشی سەرکیدا گرێی خواردووە بە وەلام بە سەرگەردانیو هەلواسراوی وەزعی کوردستان کە تا ئیستا هیچ تەعریفیکی نیو دەولەتی پێ نەدراوە، دیارە کە رێگا چارەی سیاسی ئیمە جیابونەوەی کوردستان، پیك هێنانی دەولەتیکی سەربەخۆیە لەرێگەی ریفراندۆمیکی گشتیەوە..، لە لایەکی ترەوە رابەرایەتی کردنی نارەزایەتیەکانی جەماوەری خەلکی کوردستانە بە دژی دەسەلاتی میلشیاییو دزیو گەندەلی، بەرزکردنەوەی داخوازی لە نەبونی پیداویستی رۆژانەو ئاوو کارەباو سوتەمەنیو خزمەتگوزاری....رێکخستنی هەلسورانی سیاسمان لەو بوارانەدایە کە ئیمە وەك نوینەری بەرژەوەندیەکانی خەلك دەخاتە روبەروبونەوە لە بەرامبەر دەسەلاتداران لە کوردستاندا، دەبێت بە ئەنجامی بگەیەنین.

ئیمە لە هەولی پیك هێنانی حزبیکی بەهێزی ئینسانین کە فەلسەفەی بونی گۆرانی ژیانی خەلکی کوردستانە بەرەو ژیانیکی باشتر، حزبی ئیمە خەبات دەکات بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی خەلکیو ژیانی هاوچەرخو مەدەنیو خۆشگوزەرانی، خەباتە بۆ ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی، بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنانو پیاوان، خەباتە بۆ دەورو دەخالەتی خەلك لە دەسەلاتی سیاسیو دیارکردنی چارەنوسی خۆیاندا، پیوستە هەرچی زووتر ئەو حزبە راگەیەنین کە ئەتوانی ئومیدو ئارەزوە ئنسانیەکانی خەلکی کوردستان نوینەرایەتی دەکاتو وەلام ئەداتەوە.